
# به هەڵواسراوەیی هێشتنەوەی چارەنوسی كەركوك له ئەستۆی كێدایه ... ئەحمەد عەزیز

كەركوك 2005/9/4



شاری كەركوك بە هۆی پێگە جیۆپۆلەتیكی و ئابورییە گرنگەكەی، هەروەها بە هۆی ژمارەی دانیشوانی، كە پتر لە یەك ملیۆن كەس دەبێت و زۆربەی كوردن و هێزێكی مرۆیی گەورە پێكدەهێنێت، سەرباری لایەن و فاكتەرەكانی دی، بۆخۆی بایەخ و پانتاییەكی فراوان و گرنگی لەناو جولانەوەی سیاسی كوردستاندا گرتووە، هەمیشە چەقی ململانێ و خاڵی لێكترازان و روبەڕوبونەوە بووە لە نێوان جولانەوەی سیاسی كورد و دەوڵەتی عێراقدا، لە دانوستاندنەكانی 975_984_991، هەروەها لە گەشت دانیشتنەكانی تری نێوان كورد و لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق.

لەدوای ئاداری 991 هەمیشە كەركوك گرنگترین تەوەری گفتوگۆكان بوە و دەیان رێكەوتن و پەیمانی لەسەر بەستراوە، سەرئەنجام لە پاش كۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی سەپێندراوی سەدام حوسێن و هاتنەكایەی هەلومەرجێكی نوی لە عێراق و ناوچەكەدا و لەماوەی دەسەڵاتی دوو كابینەی حكومەتی عێراقی نوی (د. ئەیاد عەللاوی و د. ئیبراهیم جەعفەری) ، دیسانەوە سیاسەتی دەستی بەدەستی و كات بەسەربردن و هەمان ستراتیجیەتی سەدام و بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی پیادە كرایەوە لە بەرانبەر كەركوك و باجەكەیشی لەسەر خەڵكی رەسەنی كەركوك و مەسەلەی رەوای كورد كەوت.

ئازادبوونی كەركوك لە 4/10 /2003 پاش 80 ساڵ تەمەنی دەوڵەتی عێراق، لە بارترین هەلی زێڕین بوو بۆ كورد، كە دەبو بە بەرنامە و پلانێكی ئامادەكراوەوە بگەڕایەتەوە ناو كەركوك و، بە ئەزمونی 12 ساڵ ئیدارەی دوو پارێزگار بەناوی كەركوكەوە، لە هەولێر و سلێمانی، دەكرا كەركوك بە شێوەیەكی راستەقینە ئازاد بكرابایە و پاشماوەی سیاسەتی راگواستن و بە عەرەبكردنی كەركوك هەڵبوەشێنرایەتەوە، هاوشێوەی ئەوەی كاك مەلابەختیار لە خانەقین ئەنجامیدا، كە لەسەر یەك هێڵ و یەك سنور و فەزای یەك دەوڵەتدایە و هەمان كێشەیان هەیە، لە چوارچێوەی یەك پرۆسە و یەك رۆژدا ئازاد كران، دیارە ئەم نمونەیە زۆر نزیكە بۆ مەسەلەی كەركوك، بە بوونی هەندێك جیاوازی، كە ناكرێت بڵێین 100% لە یەك دەچن.

خانەقین بۆ گشت كورد رزگار كرا نەك بەتەنها بۆ خانەقینیەكان، دڵەڕاوكی و نا ئارامی هەموانی رەواندوە بەرانبەر خانەقین، چونكە 80% ئەوەی لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە ئەنجامداربوو بەرانبەر بە خانەقین، هەڵوەشێندرایەوە و سیمای كوردستانی بونیان بۆ گێڕایەوە، تەنها لە روی ئیداریەوە كێشەكەی ماوە، كە ئەویش مەسەلەیەكی رۆتینیە، پرەنسیپی راپرسی و كات كەفیلە بە چارەسەركردنی، بە پێچەوانەی كەركوكەوە، كە بەسەردانیش كادرەكانمان دەچنە ناوچە تەعریب كراوەكان توشی روداوی كوشتن و تیرۆر دەبنەوە (هەر بەتەنها لەماوەی ئەم 2 ساڵەدا پتر لە 300 پۆلیس و ئەفسەر وبەرێوەبەر وكادری چالاكی كورد تیرۆر كراوە لە كەركوك، ئێستا گەیشتۆتە ئەندازەی ئەوەی ناتواتوانین كۆنفرانس و بۆنەكانمان بە سانایی لە كەركوك ببەستین.

لە ساڵی 1975 رژێمی بەعس ئیداری كەركوكی بە نیوەیی بۆمان دەسەلماند، بەڵام بۆخۆمان پێی قایل نەبوین، گەر بەو پلان و میكانیزمەی 3 ساڵی رابردوو كاربكەین وبە

تایبەتی لە ناو کەرکوك گۆڕانی بنەڕەتی ئەنجام نەدەین، ئەوەی لە ئارادایە، دەبێت بە ئەمری واقیع و دەسەپێت بە سەرماندا.

بە هۆی ئەو بارە ئاڵۆزەی کەرکوك گەلی کورد لەناوەوە و دەرەوە، بگرە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان توشی دڵەڕاوکی و ناڕەحەتی بووە بەرانبەر بە دۆز و چارەنوسی کەرکوك و، بووە بە باسی گەرمی زۆربەی کۆڕ وکۆبونەوەکان، هەر بە تەنها لە ناو مانگی 2005/8، دوو کۆنفرانس لە سەر کەرکوك بەسترا لە قەرەهەنجیر و سلێمانی، وا بڕیارە لە مانگی 2005/9 لە لەندەن و، لە یوتۆبۆری وولاتی سویدیش کۆنفرانسێکی دی لە سەر ببەسترێت لە مانگی 2005/11.

هەندێك جار لە حساباتی مەسەلەی کەرکوك بە سەر هەڵەدا کەوتوین،، بۆ نمونە سەبارەت بە بەشدرای کردنمان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کەرکوك، وا لە سەرکردایەتی سیاسی کورد گەیاندرا، گەر بەشدرای بکەین شکست دێنین و پێ لە سەر بەشداری نەکردنی لایەنی کورد دادەگیرا لە هەڵبژاردنەکان، بە هۆی خوێندنەوەیەکی ناواقعی، ئەو سورەتە لەلای سەرکردایەتی کورد دروستکرا و بووە هۆی ئەوەی جەنابی مام جەلال و کاك نێچرڤان بەرزانی بەپەلە بچنە بەغدا و داوای بەڵێننامە بکەن، سەبارەت بەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کەرکوك هەرچۆنێك دەرچێت، کاریگەری نەبێت بۆ سەرچارەنوس و یەکلاکردنەوەی باری کەرکوك، لە ئەنجامدا بەرانبەر بە بەشدرای کردنی کورد لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا، دوو بەڵێننامە وەرگیرا، لە باڵویزیولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا (جۆن نیگرۆپۆنتی) و سەرۆك وەزیرانی عێراق د. ئەیاد عەللاوی بۆ ئەو مەبەستە کە هیچ پێویست نەبوو.

لەپاش نیزکەی 3 ساڵ هەوڵ و تەقەلای بێوچان و نەپساوەی جولانەوەی سیاسی کورد لە پێناو کەرکوك، گەیشتوینەتە ئەوەی بەپێی دەستور تا ساڵی 2007 باری کەرکوکمان بۆ ئاسایبکرێتەوە، دوورش نیە لەماوەی 3 ساڵی رابردوو چەندمان بۆکرا، لە ئایندەشدا هەر ئەوەندە بدورینەوە، چونکە نە لە سەر ئاستی کورد و نە لە سەر ئاستی دەوڵەتی عێراق هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ نەکراوە، تەنها مادەی 58 لە یاسا و دەستوری کاتی گوێزرایەوە بۆ پرۆژەی دەستوری هەمیشەیی و برگەی راپرسی بۆ زیاد کراوە، کە زۆر گرنگ و پێویست بوو؟

بۆیە پێویستە بوترێت، گەر 72 کاتژمێری یەکەمی ئازاد کردنی کەرکوك و ماوەی 3 ساڵی ڕابردووی پاش پرۆسەی ئازادی، بقۆستراتیایەتەوە و بە پلان و میکانیزمێکی باش کارمان بۆ کەرکوك بکردبایا، ئێستا لە بڕی ئاسایی کردنەوە، داوای یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کەرکوك و ئەنجامدانی راپرسیمان دەکرد.

کەرکوك بەم شێوەیە درایە دەست قەدەری ئایندە و ویژدانی عەرەبی، ئەزمونی تاڵی 3 ساڵی رابردوو بەکردەوە ئەوەی بۆ گەلی کورد و جیهان ساغکردەوە، کە لایەنە عێراقیەکان تا چەند پابەندی بەڵێن و ئیمزاکانی خۆیان دەبن بەرانبەر بە کورد و کەرکوك. . دواخستنی چارەنوسی کەرکوك، گەر بە هێزبونی دەوڵەتی عێراقی لەگەڵدابێت لە ئایندە، بۆ جارێکی تر کوردستانی بوونی کەرکوك بە هەڵواسراوەیی دەهێڵێتەوە، بۆیە پێویستە لە سەرمان بە پلە یەك پشت بەخۆمان ببەستین بۆ ئاسای کردنەوەی باری کەرکوك لە سەر بنەمای پێداچونەوە و خوێندنەوەیەکی واقعیانە و داڕشتنەوەی پلان و میکانیزمێکی نوێ بۆ 3 ساڵی ئایندە بە شێوەیەك، کە لە گەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆی عێراق و ناوچەکە و پرۆژەی دەستوری هەمیشەییدا بگونجێنرێت.